روودا و وەرزشی
WWW.RUDAW.NET
ژمارە (329) سێشەممە 2014/12/9 18ی سەرماوەز 2714 (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



بەرازیلییەکان تیاگۆ سیلڤا بە شایەنی ئەو ئەرکە نازانن..

# «دەبێ کاپتنی بەرازیل پیاو بێت نەک منداڵێکی گرینۆک»

رووداوی وەرزشی ـ SAMBA

بەرازیلییـەکان پشـتگیری لە بڕیارەکـەی کارلۆس دۆنـگای ڕاهێنەری هەڵبـژاردەی وڵاتەکەیـان دەکەن، کە نیشـانەی کاپتنی هەڵبژاردەی سـامبای لە تیاگۆ سـێلڤای بەرگریـکار وەرگـرت و بە نیمار دا سـیلڤای هێرشبەر بەخشی و دەڵێن «نابێت کاپتنی هەڵبژاردەی سـامبا منداڵێکی گرینۆک بێت». دەربڕینی نیگەرانی و تووڕەبوون لەلایەن سـیلڤاوە بەهۆی لێوەرگرتنەوەی نیشـانەی کاپتنایەتـی هەڵبـژاردەی سـامبا لەلایەن دۆنـگای ڕاهێنەرەوە نەک هەر بەرازیلییەکانی لە دۆنگا تووڕەنەکرد، بەڵکو پشـتگیرییەکی زۆری ئەوانیشـی بەدەسـتهێنا، چونکە وەک لە زۆر ڕۆژنامە و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنـی بەرازیلیدا هاتووە، سـیلڤا لـە مۆندیالی 2014ی بەرازیلدا سـەلماندی کە شـایەنی هەڵگرتنی نیشانەی کاپتنایەتی هەڵبژاردەی بەرازیل نییە. بە پێی ڕۆژنامـەکان بێت «هۆکاری ئەم بڕیارەی دۆنگا بۆ ئەو فرمێسـکانە دەگەڕێتەوە کە سیلڤا لە یاری بەرازیل و چیلی لـە قۆناخی 16ی مۆندیالدا بـەر لە لێدانەکانی سزای یەکلاکەرەوە ڕشتی و بە سکۆلاری ڕاهێنەریشی ڕاگەیاند کە دوایین کەس دەبێت، تەنانەت دوای جۆلیۆ سـیزاری گۆڵچیـش لێدانەکە جێبەجێبـکات». بۆیە بەقسەی بەرازیلییەکان پێویستە کاپتن ڕۆڵی سەرکردە ببینێت و لەو جۆرە هەڵوێستانەدا هانی هاوڕێکاتی بدات و لە ترس و دڵەڕاوکێ دەریانبێنێت نەک بە پێچەوانەوە ببێتە هـۆکاری ورە ڕۆخانیان. لەو بـارەوە یەکێک لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی بەرازیل نووسیویەتی «دۆنگا باشـی کردووە، چونکە کاپتنی هەڵبـژاردەی بەرازیل پێویستە پیاو بێت نەک منداڵێکی گرینۆک».

دەیەوێ هاندەرانی هەولێر لە ڕێگەی (رووداوی وەرزشی)یەوە ڕاستییەکان بزانن



هەوار مەلا محەممەد:

# هەولێر ڕێزی نەگرتم


"یانەی هەولێر منیشی بە دەردی ڕافد و سەلاحەدین برد"

3»



## باشترین خولی تۆپی پێی جیهان پڕە لە قومارچی

5



## سۆلدادۆ
## باڵۆن دۆری 2014 دەباتەوە

5

3»

# لیۆنێل میسی بە کورد نەبێ ڕازی نابێ



ژمارە (329) سێشەممە 2014/12/9



کاتییە

دوای ئەوەی یونس شوکری گۆڵکاری یانەی زاخۆ بەهۆی دروستبوونی کێشە لەنێوان خۆی و عەلی هادی راهێنەری نوێی یانەی زاخۆ، ریزەکانی ئەو یانەیەی جێهێشت، جارێکی دیکە بەشێوەی کاتی گەڕایەوە ریزەکانی یانەکەی و لەو بارەوە ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «کێشەی من لەگەڵ راهێنەر بوو، ئەو قسەیەکی پێگوتم زۆر ئازاری دام، گوتی دوایین دەرفەتە بۆ تۆ، بۆیە تووڕەبووم ریزەکانی یانەکەم جێهێشت، بەڵام دواتر لەسەر داوای دەستەی کارگێڕی یانەکە بەشێوەیەکی کاتی گەڕامەوەتەوە، با بزانین چیدەبێت؟»

بۆ جاری یەکەمە ئەمە لە کوردستان روودەدات..

# ئۆتۆمبێلەکانیان بۆ یانەکەیان دەفرۆشن

**رەوا عەلی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەڵەبجەی شەهید**

لە پێناو ناوبانگی یانەکەیان و لە دەستنەدانی یاریزانە دڵسۆزەکانیان، سەرۆک و ئەندامانی یانەی وەرزشیی هەڵەبجەی شەهید ئۆتۆمبێلەکانیان دەفرۆشن بۆ ئەوەی پارە بۆ یانەکەیان دەبین بکەن.

ئەو قەیرانە داراییەی تووشی یانەکانی کوردستان بوو، وای لە هەندێک یانە کرد لە خولەکانی عێراق و کوردستان بکشێنەوە، چونکە بەهۆی نەبوونی پارە توانای بەردەوامیان نەبوو. بەڵام یانەی وەرزشیی هەڵەبجە بیرۆکەیەکی دیکەی هەبوو، کە لە دڵسۆزی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەو ئەندامانە بڕیاریاندا خۆیان بەدەستەوە نەدەن و هەموو شتێک بکەن لە پێناو بەردەوامبوونی یانەی شارەکەیان. دوای بە ئاکام نەگەیشتنی تەواوی هەوڵەکانی ئەندامانی ئیدارەی یانەکە، کە لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراقەوە تا بچووکترین دەستەڵاتدار و کەسایەتی حیزبی و حوکومی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارایی یانەکەیان گرتبوویانە بەر، دواجار لە بڕیارێکی دڵسۆزانەی وەرزشیی و ئەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە یانەکەیان، سەرۆک و سەرجەم ئەندامانی ئیدارەی یانەی وەرزشیی هەڵەبجەی شەهید بڕیاریاندا ئۆتۆمبێلە تایبەتەکانی خۆیان بفرۆشن بۆ دابینکردنی مووچەی راهێنەران و سەرجەم یاریزانان کە ماوەی 6 مانگە تەنیا یەک مووچەیان وەرگرتووە.

کاوە عەبدوڵڵ، جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵەبجە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵانەی لە رابردوودا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارایی یانەکە داوان، بێئاکام بوون، بۆیە لە کۆبوونەوەیەکی چارەنوسسازدا بەکۆی دەنگ ئەو بڕیارەماندا، چونکە دڵسۆزی یاریزانەکان و ئاستبەرزی یانەکەمان ئەو بڕیارەی بە ئێمەدا، ئێمەش ویستمان بۆ ئەوان بسەلمێنین کە تا لە تواناماندا بێت هاوکاریان دەبین و ئامادەین موڵک و ماڵمان بفرۆشین لە پێناو ئەوەی بێ مووچە نەمێننەوەو ریزەکانی یانەکە جێنەهێڵن، چونکە یاریزانەکانمان خۆشدەوێت و خەمخۆرو دڵسۆزی یانەکەیانن».

ئەم هەڵوێستەی ئیدارییەکانی یانەکە دڵی یاریزانانی خۆشکردووەو هانی داون کە زیاتر بە پەرۆش بن بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و گەیشتن بە خولی یانە نایابەکانی کوردستان، کە تاوەکو ئێستا لە 2 یاریدا بە 2 سەرکەوتن سەرووی ریزبەندی یانەکانی خولی پلە یەکیان گرتووە بە 6 خاڵ. ئەرکان علی سەرکردەو کاپتنی یانەی هەڵەبجە بە ناوی یاریزانەکانەوە سوپاسی ئەندامانی ئیدارەی یانەکەیانی کردو گوتی «ئێمەی یاریزانان بڕیارمانداوە ئەو هەڵوێستەی سەرۆک و ئەندامانی ئیدارەی یانەکەمان لەبەرچاوبێت و بەوپەڕی توانامانەوەو بە دڵسۆزیەوە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە گرنگەمان لە دەست نەچێت و پشت بەخوا لە وەرزی داهاتوودا لە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان یاری بکەین، تاوەکو ئەندامانی ئیداری یانەکەمان و تەواوی دڵسۆزان و هاندەرانی یانەکەمان دڵخۆش بکەین».



دەستەی کارگێڕی یانەکە:

1 ـ عەلی عوسمان (سەرۆکی یانە)
2 ـ کاوە عەبدوڵڵا (جێگری سەرۆکی یانە)
3 ـ ئەردەلان سەڵاحەدین (سکرتێری یانە)
4 ـ هێمن عەلی (بەرپرسی دارایی)
5 ـ گۆران ئەبوبەکر (ئەندام یانە)
6 ـ سیروان جمشید (ئەندام یانە).

# پارێزگاری دهۆک تەقاندییەوە



**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

لە رۆژانی رابردوو لە راپۆرتێکی تەلەفزیۆنیی هاوکارم نێچیرڤان حوسێندا، کە لەسەر رەوشی دارایی یانەی دهۆک بۆ رووداو ئامادەی کردبوو، پارێزگاری دهۆک فەرهاد ئەترووشی قسەی کرد و پێشهاتێکی نوێی هێنایەکایەوە، کە من بۆخۆم دەمێک بوو چاوەڕێی قسەگەلێکی وام لە بەرپرسێکی کارگێڕیی و حکومی دەکرد.

ئەترووشی دەڵێت «چ خۆشییەک لەوەنابینم کۆمەڵێک یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بهێنیت و بە ناوی یانەی دهۆکەوە یاری بکەن و نازناوی جامی عێراق بەدەستبهێنن، بۆیە ئێمە ئامادەنین بە ملیار پارە بدەینە یانەیەک بۆ ئەمە مەبەستە و بۆمان ناکرێت». ئەو لە قسەکانیدا مەبەستی تیپی باسکەی یانەی دهۆک بوو، کە پێمولیە ئەو تێڕوانینە بۆ تیپی تۆپی پێ و تیپەکانی دیکەی یانەکانی هەموو کوردستانیش دەگونجێت.

ساڵانێکە من و رۆژنامەوانانی دیکە هاواردەکەین، چ گرنگییەک لەوەدایە هەموو وەرزێک پارەیەکی خەیاڵی «لە بودجەی حکوومەت» بۆ هێنانی یاریزانی عەرەب و بیانی خەرج بکرێت بۆ بەدەستهێنانی نازناو، کە پێمولیە هەموو جارێکیش ئامانجە کاتییەکانی یانەکانیش ناپێکێت، ئەوەتا وەرزی رابردوو سەرەڕای خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لەلایەن یانەکانی کوردستانی بەشدار لە خولی عێراقدا، کەچی خولەکە تەواونەکرا و کەس نەبووە پاڵەوان.

ئەو هەڵوێستەی پارێزگاری دهۆک بەرز دەنرخێنم و هیوادارم لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوامبێت و ناچاری نەکەن بیروڕای خۆی بگۆڕێت، چونکە زۆرجار بەرپرسی باڵاتر لە پارێزگار و وەزیر، بڕیار لەسەر خەرجکردنی پارەی خەیاڵی بۆ یانەکان دەدەن، کە پێمولیە کارێکی نادادپەروەرانەیە.

پێمولیە ئیدی کاتی ئەوەهاتووە ئەو قۆناخە بەڕێبکەین، کاتی ئەوە هاتووە پارەی ئەو وڵاتە لە رۆڵەکانی خۆیدا خەرج بکرێت، با چەند ساڵێک دەستکەوتیشمان نەبێت، کە هەموو ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون، پێمولیە جگە لە شتێکی مەعنەوی، چ سوودێکی دیکەی نەبووە، ئەگەر لە قۆناخێکیشدا گرنگ بووبن، ئیدی لەمەولا گرنگ نین، چونکە ئەو وڵاتە ژێرخانی وەرزشیی و ئەکادیمیای وەرزشی و هۆڵی باش و کۆمەڵێک شتی دیکەی لە بواری وەرزشدا نییە و پێویستە هەیبێت.

پارێزگاری دهۆک وەکو بەرپرسێکی حکوومی، دیارە لە بارودۆخە تێگەیشتووە و هەڵوێستێکی بوێرانەی دەربڕیوە، دەخوازم پارێزگاری شارەکانی دیکە و بەرپرسانی باڵاتریش تێبگەن، چونکە ساڵانێکە حکوومەت پارە بە هەڕەمەکی و بەبێ پلان و لێپرسینەوە و بێ بەدواداچوون بۆ وەرزش خەرج دەکات و کەمترین بەرهەمی خۆماڵی لە یاریزان و بەهرەمەند هەبووە و رۆڵەکانی ئەم وڵاتە کەمترین سوودیان لە پارەی خەرجکراو لە وەرزشدا وەرگرتووە.

ئیدی با سەردەمی وەرزشی خۆماڵی و پێگەیاندنی لاوی کورد دەستپێبکات و ئەو پارەیەی لە یاریزانی بێ کەڵکی عەرەب خەرجدەکرێت، لە منداڵی کورد خەرج بکرێت و کار بۆ پێگەیاندنیان بکرێت، کە دڵنیام لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەتوانین ئەستێرە و سوپەرستاری کورد لە زۆربەی یارییەکاندا دروست بکەین.

## وانەکانی مۆندیالی بەرازیل

9

مۆندیالی 2014ی بەرازیل، وەک گەورەترین بۆنەی وەرزشیی جیهان کۆتاییهات. بێئەوەی ئێمەی کورد لە رووی پراکتیکییەوە هیچ سوودێکی لێوەربگرین، چونکە بە پێچەوانەی هەموو جیهان کورد تاکە میللەت بوو کە رۆژنامەنووس و راگەیاندنکارانی نەیانتوانی بەشداری تێدا بکەن. بێجگە لە رۆژنامەنووس (زانا قادر) کە دوای ماندووبوونێکی زۆر توانی بچێتە بەرازیل. ئەو لەگەڵ خۆیدا چەند وانەیەکی لە مۆندیال هێناوەتەوە، کە دەکرێت بزاڤی وەرزشیی کوردستان لە رێگەیانەوە سوودمەندبێت.

# دیاریکردنی کورسی هەڵبژاردە بەشداربووەکانی مۆندیال

**زانا قادر**

دیاریکردنی کورسی هەڵبژاردەکان لە کیشوەرەکان بە گوێرەی سیستەم و یاسایەکی دیاریکراوە، کیشوەری ئەورووپا 13 کورسی هەیە، تەواوی وڵاتانی ئەورووپا دەکرێن بە 9 گرووپ، پاش ئەنجامدانی یارییەکان 9 تیپی یەکەمی گرووپەکان راستەوخۆ سەردەکەون بۆ مۆندیال، پاشان 8 باشترین هەڵبژاردەی پلەی دووەم (بەگوێرەی خاڵەکانیان) لە قۆناخی دووەم رووبەڕووی یەکدەبنەوە، کە بەشێوەی چوون و گەڕانەوە یاریدەکەن، براوەی ئەم چوار رووبەڕووبوونەوەیە سەردەکەون بۆ مۆندیال.

کیشوەری ئاسیا خاوەنی 4.5 چوار کورسی و نیوە، هەڵبژاردەکانی دەکرێن بە 2 گرووپ، یەکەم و دووەمی گرووپەکان راستەوخۆ دەگەنە مۆندیال، سێیەمی هەردوو گرووپەکە 2 یاری چوون و گەڕانەوە دەکەن، براوەیان دەبێتە خاوەنی ئەو نیو کورسییەی ئاسیاو لە 2 یاری چارەنووساز بەشێوەی چوون و گەڕانەوە بەرامبەر پێنجەمی کیشوەری ئەمریکای باشوور یاریدەکات و براوەیان دەبێتە خاوەنی کورسییەک و دەگاتە مۆندیال. کیشوەری ئەمریکای باشوور خاوەنی 4.5 چوار کورسی و نیوە، هەر 10 هەڵبژاردەکەی ئەم کیشوەرە بە گرووپێک یاریدەکەن، خاوەنی پلەکانی یەکەم تاوەکو چوارەم راستەوخۆ دەگەنە مۆندیال، خاوەنی پلەی پێنجەم دەبێتە خاوەنی نیو کورسییەکە، لەگەڵ نیوکورسییەکەی ئاسیا دەبێت بە کورسییەک و وەک باسمانکرد خاوەنەکەی دەگاتە مۆندیال.

هەرچی کیشوەری ئەفریقیایە خاوەنی 5 کورسییە، هەڵبژاردەکان دەکرێن بە 5 گرووپ، یەکەم و دووەمی گرووپەکان دەگەنە قۆناخی دووەم، لەم قۆناخەدا ئەم 10 هەڵبژاردەیە یاری چوون و گەڕانەوە دەکەن و 5 هەڵبژاردەی براوە دەگەنە مۆندیال. سەبارەت بە کیشوەری ئەمریکای باکوور و ناوەڕاست و کاریبییش، ئەمانە خاوەنی 3.5 سێ کورسی و نیون، هەڵبژاردەکان دەکرێن بە 3 گرووپ، یەکەم و دووەمی گرووپەکان دەگەنە قۆناخی دووەم. هەموویان دەکرێن بە یەک گرووپ، پاش یارییەکان یەکەم تاوەکو سێیەم دەگەنە مۆندیال، هەڵبژاردەی پلەی چوارەمیش دەبێتە خاوەنی نیو کورسی، لە یاری تەواوکاریدا لەگەڵ نیو کورسییەکەی کیشوەری ئۆقیانووس یاریدەکات و براوەیان دەبێتە خاوەنی کورسییەکە. هەرچی کیشوەری ئۆقیانووس خاوەنی 0.5 نیو کورسییە، هەڵبژاردەکانی دەکرێن بە گرووپێک، یەکەمی گرووپەکە دەبێتە خاوەنی ئەم نیو کورسییەو لەگەڵ نیو کورسییەکەی ئەمریکای باکوور دەبێتە کورسییەک و براوەیان دەگاتە مۆندیال، ئەمانە هەمووی دەکاتە 31 کورسی و دوا کورسیش بێ پاڵاوتن بۆ وڵاتی میوانداری خولەکە دەبێت.



ئەم 32 هەڵبژاردەیە، کە یارییەکانی کۆتایی مۆندیال دەکەن لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی گەورەو درەوشاوە بۆخۆیان و وڵاتەکانیان تۆماردەکەن، یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی دیاری و خەڵاتی گرانبەهاشیان پێدەدات بەمەبەستی هاندان و گرنگیدان و پێشخستنی زیاتری ئەم پاڵەوانیەتییە، خول لە دوای خول فیفا خەڵاتەکان زیاتر و باشتردەکات. لە مۆندیالی 2010ی ئەفریقای باشوور بڕی خەڵاتەکان 420 ملیۆن دۆلار بوو، لە مۆندیالی 2014ی بەرازیلدا، فیفا بڕەکەی کردە 576 ملیۆن دۆلار، لەم بڕە پارەیە تیپی براوەی پلەی یەکەم و نازناوی خولەکە بڕی 35 ملیۆن دۆلاری وەک خەڵات وەرگرت، تیپی پلەی دووەم 25 ملیۆن دۆلار، پلەی سێیەم 22 ملیۆن دۆلار، پلەی چوارەم 20 ملیۆن دۆلار، ئەو 8 تیپەی گەیشتنە قۆناخی هەشت یەکەو 14 ملیۆن دۆلاریان وەرگرت، ئەو 16 تیپەی گەیشتنە قۆناخی 16 یەکەو 9 ملیۆن دۆلاریان وەرگرت. تیپی ئەو وڵاتانەی لە قۆناخی یەکەم دەرکرانە دەرەوە (واتە بەشداری مۆندیالیان کرد)، هەریەکەو بڕی 8 ملیۆن دۆلاریان وەرگرت.

فیفا بڕی 70 ملیۆن دۆلار تەرخان دەکات بۆ ئەو یانە بەناوبانگانەی یاریزانە گرانبەهاکانیان لە گەڵ تیپی هەڵبژاردەکانیان یاریدەکەن، پاشان لە مۆندیالەکاندا هەر یاریزانێکی پیشەگەر تووشی پێکان بێت و کاریگەری هەبێت لەسەر یارییەکانی یانەکەی، بەگوێرەی یاسا دەبێت وڵاتی ئەو یاریزانە و فیفا قەرەبووی یانەکە بکەنەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو یاریزانانە بە پارەی زۆر و گرێبەستی گرانبەها کڕاون و بوونەتە موڵکی یانەکان، وڵاتەکانیشیان بۆیان نییە بەکاریان بهێنن ئەگەر یانەکانیان رەزامەندی لەسەر نەبێت، ئەم رەزامەندیەش دەبێت لە رێگەی فیفاوە بێت بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی یاسایی بکەوێتە سەرشانی فیفا. بۆ نموونە کاتێک گوترا نیمار دا سیلڤای یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی 2 لە بڕبڕاگەکانی پشتی شکاون، ئێمە لەو کاتەدا لە بەرازیل بووین و دڵنیابووین کە وانییەو نەشکاون، بەڵام نەدەبوو یارییبکات بۆ ئەوەی تووشی ئازار و دەرهاویشتەی زیاتر نەبێت، ئەوکات بەرازیل و فیفا دەبوو قەرەبووی بارسێلۆنا بکەنەوە. ئەگەر بڕبڕاگەی پشتی بشکابایە بەدڵنیایی نەیدەتوانی ئاوا زوو و بە ئاسانی بگەڕێتەوە ناو یاریگەکان.

# یارییە ترسناکەکە گەیشتە کوردستان

**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

لە شاری سلێمانی بۆ یەکەمجار یارییەکی نوێ لە چوارچێوەی یارییەکانی هونەری شەڕکردن و بەرگریکردن ئەنجامدرا، کە بە جەنگی ئازادی نێو قەفەز MMA ناسراوە.

زانا حەربی، رێکخەری یارییەکە بە (رووداوی وەرزشی) گوت "بۆ یەکەمجارە لە کوردستان یارییەکی لەو شێوەیە ئەنجام دەدرێت، بەمەش توانرا لە شاری سلێمانی ئەو مێژووە تۆماربکرێت و دوو یاریزانی لاویش کە من شانازییان پێوە دەکەم ئەو شەرەفەیان پێبەخشرا کە توانیان بە بێ چاوترسی بچنە نێو تەلەبەندەکەوە و ئازایانە جەنگان".


زانا هەروەها گوتیشی "لە جیهاندا MMA یارییەکی زۆر بەناوبانگە بۆیە ئێمەش هەستاوین بە دروستکردنی شوێنی یارییەکەو ئەنجامدانی یارییەکان تاوەکو بتوانین لەو رێگەیەوە پاڵەوانان دروستبکەین. هەموو کارەکانیش خۆم پێیهەستاوم، راستە زەحمەتییەکی زۆرم پێوە کێشاوە، بەڵام ئامادەبوونی ئەو سەدان هاندەرە لە یەکەم یاریدا دڵدانەوەیەکی زۆر گەورەی بە من بەخشی".

زانا زیاتر گوتی "ئیدی دەبێ لە کوردستان وەک جیهان سیستەمی تەحەددا بێتە کایەوە، ئێمە لە 23ی یەکەم مانگی ساڵی تازە لە سلێمانی پاڵەوانیەتییەکی پرۆفیشناڵ لەو یارییە ئەنجامدەدەین، ئەویش لە کێشەکانی 77 و 84 و 93 و 93+ کیلۆگرام. هەر یاریزانێک 300 دۆلار خەڵاتی یارییەکە وەردەگرێت".

دوای ئەنجامدانی یەکەم یاری لە نێو 2 یاریزان، ئەحمەد حەربی کە ناوی راهێنەرە پاڵەوانەکەی هەڵگرتووە، بووە یەکەم پاڵەوانی ئەو یارییە مەترسیدارە، کە یەکەمجارە لە کوردستان و عێراق ئەنجام دەدرێت.



ژمارە (329) سێشەممە 2014/12/9



## جیاوازی هاتریکەکان

مەدریدییەکان زۆریان بە باڵای کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریددا هەڵگوت، بە بۆنەی بوونی بە خاوەنی زۆرترین هاتریک لە لالیگای ئیسپانیدا، کە 23 هاتریکی تۆمارکردووە، بەڵام کەتەلۆنییەکان دەڵێن لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنا شایەنی پێداهەڵگوتنە نەک رۆناڵدۆ، چونکە وەک خۆیان دەڵێن «رۆناڵدۆ لە کۆی 23 هاتریکەکەی تەنیا لە 9 هاتریکدا سوودی لە لێدانی پەناڵتی وەرنەگرتووە، کەچی میسی لە کۆی ئەو 21 هاتریکەی لە لالیگادا تۆماریکردوون 17 هاتریکی بە بێ پەناڵتی بووە».

«دەمەوێ هاندەرانی هەولێر لە رێگەی (رووداوی وەرزشی)یەوە راستییەکان بزانن»

# هەوار مەلا محەممەد: یانەی هەولێر قەدری یاریزانی گەورە نازانێت



(فۆتۆ: ئەرسەلان عەبدوڵڵا)

«قبووڵ ناکەم 10 بۆ 15 خولەک یاری بکەم»

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ بەغداد**

هەوار مەلا محەممەد، یاریزانی پیشەگەری بەناوبانگی کورد، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا هۆکاری جێهێشتنی ریزەکانی یانەی هەولێر بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لەبەر ئەیوب ئۆدیشۆی راهێنەر ریزی یانەی هەولێرم جێهێشت و بەداخەوە ئیدارەی یانەی هەولێریش رێزی لێنەگرتم".

هەوار مەلا محەممەد، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر، لە سەرەتای هەڤپەیڤینەکەدا گوتی "دەمەوێ لە رێگەی رووداوی وەرزشییەوە جەماوەری هەولێر راستییەکان بزانێت، من بەهۆی رێز نەگرتن لەو خزمەتەی من و کێشەم لەگەڵ راهێنەری یانەکە ریزی یانەی هەولێرم جێهێشتووە".

هەوار، ماوەی دوو وەرز یاری بۆ یانەی هەولێر کردووە لە هەردوو خولی عێراقی و جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیاو توانیویەتی ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکە پێشکەش بکات، بەڵام بەمدواییە بەهۆی یاری پێنەکردنی لەلایەن ئەیوب ئۆدیشۆی راهێنەر، ریزی یانەکەی بەرەو یانەی جەوییەی بەغدای جێهێشت. لەو بارەوە هەوار مەلا محەممەد بە (رووداوی وەرزشی) گوت "هەموو دەزانن کە من هاتمە یانەی هەولێر بۆ هیچ شتێک نەهاتوومە، نە بۆ پارە نە بۆ شتی دیکە، کە گرێبەستم لەگەڵ یانەکەش مۆرکرد لەبەر خاتری ناوی یانەی هەولێرو دەستەی کارگێڕی یانەکە بوو، ساڵی یەکەم کە یاریم بۆ یانەکە کرد ئاستی من دیاربوو، هاندەران شاهیدی ئەوەن کە لەو ساڵەدا 13 بۆ 14 گۆڵم دروستکردووە بۆ هاورێکانم. دوای ئەوەی کاپتن ئەیوب ئۆدیشۆ هاتە یانەکە، من و ئەو هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام تا دەهات قەدری یاریکردنی منی نەدەگرت". ئەو بەردەوامە لە قسەکانی "دوای ئەوەی یاری کۆتایی جامی ئاسیا منی دانیشتاند، لە یاری ئێمە و یانەی زاخۆ من لەسەر کورسی یەدەگ دانیشتبووم، ئەو بە یاریزانەکانی گوت خۆتان گەرم بکەن بە منی نەگوت، منیش گوتم کێشە نییە، بەڵام دوای ئەوەش هەر بەردەوامبوو لە پشتگوێخستنم، من پێمگوت ئەگەر تۆ کێشەیەکت هەیە لەگەڵ من پێمبڵێ؟ ئەگەر توانای جەستەیی من تەواو نەبێت پێمبڵێ؟ ئەگەر پێویستیت بە من نییە پێمبڵێ ئاساییە؟، بەڵام کاپتن ئەیوب گوتی چۆن پێویستیم بە تۆ نییە، کەچی دوای ئەوەش ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی 10 بۆ 15 خولەک یاری پێدەکردم، منیش ئەوەم پێ قبووڵ نەبوو". هەروەها گوتیشی "من پێشمگوتن ئەگەر من بۆ پارە یاریبکەم لە یانەکانی دیکە دووقاتی یانەی هەولێر پارەم پێدەدەن، بەڵام لەبەر خاتری هەولێر نەڕۆیشتووم، دواتر لەگەڵ ئیدارەی یانەکەشمان قسەم کرد گوتم من بەمشێوەیە ناتوانم بەردەوامبم، لەگەڵ ئەو راهێنەرە کە بە ئارەزووی خۆی یاریم پێبکات، بەڵام بەداخەوە دەبوایە ئیدارەی یانەکەشمان هەڵوێستی خۆی هەبوایە لەسەر رۆیشتنی من، ئەوان هیچ هەڵوێستیان نەبوو".

لە بارەی پەیوەندیکردنی بە یانەکانی دیکەوە، هەوار بە (رووداوی وەرزشی) گوتی "من زۆر پێویستیم بەوە نییە یاری بۆ کێ دەکەم، چونکە زۆر یانە پەیوەندییان پێوەکردوومە، بەڵام من یانەی جەوییەم هەڵبژارد، چونکە لەو یانەیە نزیکم، ماوەیەکی زۆر لە ریزی ئەو یانەیە یاریمکردووە، ئەو یانەیە رۆڵی هەبووە لە ناساندنم". هەروەها گوتیشی "زیاتر لە 5 تاوەکو 6 گرێبەستی تایبەتم بە فەرمی بۆ هاتووە، بەڵام دەمەوێ هاندەرانی یانەی هەولێر لە رێگەی رووداوی وەرزشییەوە ئەو راستییە بزانن کە یانەی هەولێر رێزی منی نەگرت قەدری هەواری نەزانی".

هەوار، هێرشی زیاتر دەکاتە سەر یانەی هەولێر و بەوە تۆمەتباری دەکات کە هەموو کاروبارەکانی بەدەست یاریزانێکەوەیەو دەڵێت "یاریزانێک هەیە لە ناو یانەی هەولێر هەموو شتێکە لە یانەکە، تەنانەت لەگەڵ راهێنەر دەستی لە تەکتیکی تیپەکەش هەیە، کاپتن ئەیوب زۆر گوێی بۆ شل دەکات و هەموو یاریزانەکانیش ئەو یاریزانە دەناسن". ئەو یاریزانەی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق دڵسۆزی خۆی زیاتر بۆ یانەی هەولێر نیشاندەدات و دەڵێت "من هەردەم گوتوومە لەبەر خاتری هاندەرانی یانەی هەولێرو شاری هەولێر هەمیشە حەزمکردووە یاری بۆ یانەی هەولێر بکەم، ئەگەر هەولێر 100 ملیۆن دیناری پێدابم، گرێبەستم هەبووە لە یانەکانی دیکەی عێراق کە بە 400 ملیۆن دینار بووە، بەڵام قەت پارە مەبەستم نەبووە، هەمیشە بە یانەی هەولێرم گوتووە ئێوە چەند پارەم بۆ دادەنێن ئاساییە، من بۆ پارە یاری بۆ هەولێر ناکەم". هەروەها گوتیشی "خوا شاهیدە مۆبایلی ژمارە ئاسیاکەم داخستووە، لەبەرئەوەی یانەکان زۆر پەیوەندیم پێوەدەکەن بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم".

«خوا شاهیدە لەبەر زۆری داواکاری یانەکان مۆبایلەکەم داخستووە»

بە قسەی هەوار مەلا محەممەد بێت، یانەی هەولێر حەزناکات یاریزانی گەورە خزمەتی بکات "پێشتریش هەریەک لە یاریزانان سەلاحەدین سیامەند و رافد بەدرەدین لە یانەکە نەماون، لەبەرئەوەی چەند خزمەتی یانەکەیان کردووە قەدری ئەوانیان نەزانیوە، ئەوە شتێکی زۆر هەلەیە لە ناو وەرزش، من ساڵێک لەم یانەیە بوومە، ئەوان زیاتر لە 12 ساڵ خزمەتیان کردووە، پێویستە ئیدارەی یانەکە خزمەتی یاریزانی گەورە بکات". لە بارەی هەڵگوردی براشی، هەوار گوتی "من هیچ پەیوەندییەکم بە هەڵگوردی برامەوە نییە، ئەو بەرپرسی خۆیەتی و هیچ کات بە هەڵگوردم نەگوتووە یانەکە جێبهێڵە، چونکە هەولێر یانەی خۆیەتی".

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی (رووداوی وەرزشی)دا، کە هەوار وەک یاریزانێکی کورد لە بارودۆخی ناسەقامگیری ئێستای عێراق لە مانەوە لە شاری بەغدا ناترسێت؟ ئەو گوتی "نەخێر، بە هیچ شێوەیەک ناترسێم، حاڵی منیش وەک هەموو یاریزانەکانی دیکەیە، جەوییەش یانەکەی خۆمە، هاندەری خۆم هەیە، دەمەوێ لەگەڵ ئەو یانەیە ژیانی وەرزشیی خۆم بە کۆتایی بهێنم، نابێ هیچ کات چاکەی یانەی جەوییە لەبیربکەم".

«یاریزانێک لەناو یانەی هەولێردا هەموو شتێکی بەدەستە»

«100 ملیۆن دیناری هەولێرم پێباشتر بووە لە 400 ملیۆن دیناری یانەکانی دیکە»

## کوردێک فێری دانسی دەکات..

# میسی بە کورد نەبێ رازی نابێ



**ئاڵا شالی**
**رووداو ـ ئەڵمانیا**

گەنجێکی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا، بە دانسە سەرنجراکێشەکەی، سەرنجی یاریزانە بەنێوبانگەکانی دونیا رادەکێشێت و داوای لێدەکەن، لە ریکلامەکاندا دانسیان پێ بکات.

لیۆنێل میسی، ئەستێرەی بەنێوبانگی ئەرجەنتینی لەکاتی ریکلامێکیدا بۆ هێڵی ئاسمانی قەتەری، لەلایەن کوردێکەوە بە ناوی (مەجید ماهر) دانسی پێدەکرێت، وەک ئەو کوڕە کوردە بە پەیامنێری (رووداو)ی گوتووە «میسی گوتوویەتی ئامادەم تەنیا لەگەڵ ئەو کوڕەدا دانس بکەم بۆ ئەو ریکلامە، بۆیە هێڵی ئاسمانی قەتەری داوا لە مەجید دەکات بۆ دانسەکە».

لە بارەی هەڵسوکەوتی میسی لەکاتی دانسەکەدا، مەجید بە (رووداو) دەڵێت «دەبوایە چەند هەنگاوێکی دانس بە میسی پیشاندەم، ئەو دانسەی من دەمکرد، ئەو دەبوایە بە تۆپەوە بیکات، دەبوایە میسی لەگەڵ دانسەکەی ئێمە یاری بە تۆپ بکردایە، میسی کەسێکی شەرمنە، لە کاتی یاری تۆپی پێدا دیارە، کەسێکی بەهرەدارە و لەشی باش دەجووڵێنێت، بەڵام لە دانسەکەی بۆم دەرکەوت ئەمە زۆر وانییە، ئەو زۆر بە زەحمەتی ئەو دانسەی دەکرد، بەڵام باشبوو، ئەوەی دەبوایە بیکات کردی».

مەجید، تەمەنی 21 ساڵەو لە تەمەنی 3 ساڵییەوە، لە زاخۆوە لەگەڵ خێزانەکەیدا رووی لە ئەڵمانیا کردووە، وەک باوکی مەجید باسی دەکات، بنەماڵەکەیان بەوە بەناوبانگن، کە هەڵپەڕکێی کوردی زۆر بە جوانی دەکەن، ئەوەش هاندەرێک بووە بۆ مەجید، کە زۆر بە باشی فێری ئەو دانسە بێت.

مەجید نازناوی (ماجیللۆ)ی بۆ دانسەکەی داناوە، واتە مەجید و غۆریلا، لەم بارەوە مەجید بە (رووداو) دەڵێت «من وەک غوریلام، غوریلا زۆر هێمنە، بەڵام کاتێک دەتەقێتەوە لە گیانی خۆی دەردەچێت، منیش کاتێک دەتەقمەوە لە گیانی خۆم دەردەچم».

مەجید ئێستا لە ئەڵمانیا قوتابخانەی دانسی هەیەو لە سەرتاسەری جیهان خەڵک روو لە قوتابخانەکەی دەکەن، هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی دونیا داوەتنامەی بۆ دێت، تاوەکو بەشداری لە پێشبڕکێکان بکات، لە هەموو پێشبڕکێکانیش وەک کورد خۆی دەناسێنێت «تاوەکو ئێستا هیچ نازناوێک نەماوە بەدەستم نەهێنابێ، دوا ئاواتم ئەوەیە کوردستان وەک دەوڵەت ببینم».






**راسته**

دوای ئەوەی رۆژنامەی ئیکسپرێسی بەریتانی ئاشکرایکرد کە رۆبێرتۆ مانچینی راهێنەری یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ماریۆ بالۆتێلی یاریزانی ئیتاڵی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی کردووە بۆ ئەوەی لە میرکاتۆی زستانەدا بەشێوەی خواستن بگەڕێتەوە ریزەکانی ئینتەرمیلان، بەو پێیەی مانچینی پێشتر لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی سەرپەرشتی کردووەو پێیوایە دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت. بالۆتێلی هەواڵەکەی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن پشتڕاستکردەوەو گوتی «بەڵێ، ئەو هەواڵە راستە، مانچینی زۆر حەزدەکات بگەڕێمەوە ئینتەرمیلان».

کۆتایی جیهان

بالۆ

ڕووداوی وەرزشی - C
پێدەچێت هەفتەی
هەفتەی گاڵتەپێکردن
کە زۆر لە هاندەران گ
رۆبێرتۆ سۆلدادۆی هێر
گۆڵی یانەی ئیڤەرتۆن
سەرکەوتن برد.
دوای ئەو گۆڵەی سۆ
تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بڕ
2014 بە سۆلدادۆ ببەخ

پری



میلان دەگەڕێتەوە سەر سەکۆی نازناوەکان..

# باربارا بە تیاگۆ دەستپێدەکات

**ڕووداوی وەرزشی - ماڵپەڕی MILAN**

رۆژنامەی کۆرییێری دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی ئاشکرایکرد کە بابارا بێرلسکۆنی کچ و جێگری سەرۆکی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی پلانێکی توکمەی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی یانەی لۆمباردی بگەڕێنەتەوە ئاست و بەهای جاران و نووسیویەتی "باربارا بە گەڕاندنەوەی تیاگۆ سێلڤا دەستپێدەکات".

وەک ئەو رۆژنامەیە باسیدەکات، لەوانەیە ئەو 100 ملیۆن یۆرۆیە ببە رزگارکەری یانەی میلان، کە بە گرێبەستکردن لەگەڵ EMARAT FLY دەستیکەوتووەو نووسیویەتی "باربارا دەیەوێ سوود لەو 100 ملیۆن یۆرۆیە وەربگرێت و بەهۆیەوە پلانێکی توکمەی داناوە بۆ سەر لەنوێ زیندووکردنەوەی یانەی میلان". ئەو رۆژنامەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باربارا دەیەوێ دەست بە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی خۆی بکات و بە گەڕاندنەوەی تیاگۆ سێلڤای بەرگریکاری هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی دەستپێدەکات "باربارا پلانێکی باشی داناوە بۆ گەڕاندنەوەی سێلڤای بەرگریکاری پێشووی یانەکە، کە پێدەچێت لە هەوڵەکانیدا بۆ گەڕاندنەوەی ئەو یاریزانە سەرکەوتوو بێت، چونکە سێلڤا هەمیشە خۆشەویستی خۆی بۆ میلان دووپاتدەکاتەوە".

چاودێران ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە ئەگەری سەرکەوتنی باربارا لە هەوڵەکانیدا بۆ گەڕاندنەوەی سێلڤا لە ئارادایە، بەڵام بێگومان لە میرکاتۆی هاوینی داهاتوودا، چونکە سێلڤا ناتوانێت دەستبەرداری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بێت. هەروەها دەشڵێن "پێویستە میلان مووچەیەکی گەورە بۆ سێلڤا دابین بکات یان خۆی دەستبەرداری بەشێک لە مووچەکەی ببێت، کە ئەوە زەحمە".

کۆرییێری دیلۆ سپۆرت، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە باربارا دڵنیایە لەوەی ئەو پلانەی سەرکەوتوو دەبێت و دوای سێلڤا چەندین یاریزانی دیکەی ئەستێرە دێنێتە ریزەکانی یانەکەی و جارێکی دیکە میلان دەگەڕێتەوە سەر سەکۆی نازناوەکان".



# جیرارد ئابڕۆی لیڤەرپوول و پریمەرلیگ دەبات

**ڕووداوی وەرزشی - SPORT**

جەماوەری یانە جیاوازەکانی خولی ئینگلتەرا تەنیا لیڤەرپوول نەبێت، دەستیان بە هەڵمەتێکی گاڵتەکردن بە لێدوانەکانی بریندان رۆدجەرزی راهێنەری لیڤەرپوول کرد، دوای ئەوەی لە لێدوانێکیدا رایگەیاند ستیڤن جیراردی کاپتنی یانەکەی، بە باشترین یاریزان لە مێژووی پریمەرلیگ دادەنرێت.

ئەم لێدوانەی هرۆدجەرز هاندەرانی تووڕەکرد، لەبەرئەوەی جیرارد لە مێژووی یاریکردنیدا بۆ یەکجاریش نازناوی پریمەرلیگی نەبردووەتەوە، بۆیە ئەم لێدوانەیان زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە بەهای ئەو خولە لەسەر ئاستی جیهان کەم دەکاتەوە، بێجگە لەوەی چەندین ئەفسانە لەو خولە یارییان کردووە کە هەندێکیان یاریزانی لیڤەرپوول بوونە، وەک کینی داگلیش و ئەیان راش، بۆیە لێدوانەکەی رۆدجەرز پێچەوانەی راستییەکان و مایەی گاڵتەپێکردنە. لە چوارچێوەی گاڵتەکردن بە لێدوانەکەی رۆدجەرز، وێنەیەکی تووڕەکاری جەماوەری لیڤەرپوول لەسەر لاپەڕە جۆراوجۆرەکانی بایەخدار بە خولی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە، کە تێیدا هاندەرێکی لیڤەرپوول دەردەکەوێ و لە فەیسبووک لەگەڵ سانتا کلۆز قسە دەکات، هاندەرەکەی یەکەمجار داوای لێدەکات ئەژدیهایەکی بۆ بکاتە دیاری بەبۆنەی سەری ساڵەوە، بەڵام سانتا دەڵێت بەدیهێنانی ئەم داوکارییە شتێکی مەحاڵە، ئەمجارە داوای لێدەکات ئاواتێکی بۆ بێنێتەدی کە چەندین ساڵە چاوەڕێی دەکات، ئەویش ئەوەیە لیڤەرپوول خولی ئینگلتەرا بەدەستبێنێت، سانتا کلۆزیش بە گاڵتەوە وەڵامی دەداتەوە، دەتەوێ ئەژدیهایەکە چ رەنگێک بێت، چونکە بەدیهێنانی ئەو ئاواتە مەحاڵە زۆر لە بەدەستهێنانی پریمەرلیگ لەلایەن لیڤەرپوولەوە ئاسانترە، کە لە وەرزی 1989 - 1990ەوە تامەکەی نەچەشتووە.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە




« میسی لە رۆناڵدۆ باشترە، بەڵام ساڵی 2014 ئارییێن رۆبن لە هەردووکیان باشتر بووەو پێویست بوو باڵۆن دۆر بۆ ئەو بوایە

خافێر پاستۆری
(یاریزانی یانەی پاریس سانجێرمان)



« زۆر پێکەنیناوییە نوێر لەگەڵ میسی و رۆناڵدۆ پاڵێوراوی باڵۆن دۆر بێت، باشە ئەوەی دەنگ بەنوێر دەدات چیی بە کوڕەکەی دەڵێت ئەگەر لێیپرسی باوکە نوێر لە میسی و رۆناڵدۆ باشترە؟

رۆناڵد کۆربیس
(سەرۆکی یانەی مۆنبیلیە)



« من مافی دەنگدانم نییە، بەڵام ئەگەر سیب بلاتەر بوومایە ئەمساڵ 2 تۆپی زێڕینم دەدا، یەکێک بۆ رۆناڵدۆ و یەکێکیش بۆ نوێر

سامی خدێرە
(یاریزانی یانەی ریال مەدرید)



« شەرمەزارییە و ئابڕۆچوونێکی زۆر گەورەیە بۆ جیهان ناوی ئارییێن رۆبن لەناو 3 پاڵێوراوە سەرەکییەکەی باڵۆن دۆر نەبێت

کارل هاینز رۆمەنیگە
(سەرۆکی جێبەجێکاری یانەی بایرن میونشن)



« من هیچ رقێکم بۆ کەس نییە، لەبەرئەوەی ناوی من لەنێو 3 پاڵێوراوی باڵۆن دۆردا نییە، چونکە ئەوانە بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون

ئارییێن رۆبن
(ئەستێرەی یانەی بایرن میونشن)



« پێمخۆشە تیپەکەم لە 10 یاریدا پێنجیان بباتەوە و پێنجیش بدۆڕێنێت نەک لە هەر 10 یاریدا یەکسان بێت

خۆزێ مۆرینیۆ
(راهێنەری یانەی چێلسی)

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (329) سێشەممە 2014/12/9



## دەگەڕێتەوە

نیل لینۆنی ڕاهێنەری یانەی بۆلتۆنی ئینگلیزی، کە لە خولی یانە پلە یەکەکانی ئینگلتەرا یاریدەکات، ڕایگەیاند یانەکەی لەگەڵ ئیدۆر گۆدیۆنسنی یاریزانی ئایسلەندی پێشووی یانەکانی چێلسی ئینگلیزی و بارسیلۆنای ئیسپانی ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی ئەو یاریزانە لە ڕێگەی یانەکەیەوە بگەڕێتەوە نێو یاریگەکانی تۆپی پێ کە ماوەیەکە وازی لە یاریکردن هێناوەو گوتی «گۆدیۆنسن ماوەی مانگێکە لەگەڵ یانەکەمان مەشق دەکات و لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتووین بۆ ئەوەی یاریمان بۆ بکات». گۆدیۆنسنی تەمەن 36 ساڵ گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی ئایسلەندایە بە تۆمارکردنی 24 گۆڵ لە 78 یاریدا.

## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# ڕۆخۆ کارکەری ماڵە و ئەدیبایۆریش دایکی بەخێو ناکات

ئا: ڕووداوی وەرزشی

**لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:**



### ئەدیبایۆر دایکی خۆی دەردەکات

هەرچەندە ئیمانوێل ئەدیبایۆری ئەستێرەی تۆتنهامی ئینگلیزی ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە، کە دایکی خۆی لە ماڵەکەی لە ئەفریقیا دەرکردووە، بەهۆی ئەوەی گومانی ئەوەی لێکردووە بووە بە جادوگەر، هەندێک سەرچاوە لەسەر زاری خۆشکەکەی ئەدیبایۆر ئەو هەواڵە پشتڕاستدەکەنەوە. لەو بارەوە ئەدیبایۆر ئاماژەی بەوەکرد کە هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی پەیوەندی باشی لەگەڵ دایکی وەکخۆی بهێڵێتەوەو گوتی «پەیوەندیم لەگەڵ دایکم زۆر باشە، دەرم نەکردووە، خۆشکم ڕاستناکات، دایکم ویستی لە ئەفریقیا بژی و ئەو بەهەموومانی گوتووە کاری من لێرە بۆ ئەو باش نابێت، خانووەکەم بۆی کڕیوە تاوەکو تێیدا بژی، کەچی بە قسەی خۆشکمی کردووەو بێ پرسی من بە کرێی داوە.





### ڕۆخۆ کاری ناوماڵ دەکات

پێدەچێت مارکۆس ڕۆخۆی بەرگریکاری ئەرجەنتینی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، لە تەک تۆپی پێ لەچەند شتێکی دیکەش دەست ڕەنگین بێت. ڕۆخۆ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام وێنەیەکی خۆی بڵاوکردووەتەوە، کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە ناندین دەردەکەوێ و لەژێر وێنەکە نووسیویەتی «ئەمڕۆ ڕۆژی خاوێن کردنەوەیە کە لە ئەستۆی ئێمەی پیاو دایە». ڕۆخۆ بەوە ناسراوە کە لە کاری ناوماڵیشدا بەردەوام یارمەتی دایکی و دۆستەکەی دەدات، بەو وتانەشی دەردەکەوێ ئەوان کاری ناوماڵ لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن، ئەگەر ڕۆخۆ یاری یان مەشقی نەبێت.

### ڕێژەی ئینگلیزەکانی پریمەرلیگ بەرزدەبێتەوە

تۆڕی بی بی سی بەریتانی ئاشکرایکردووە، ڕێژەی ماوەی بەشداریکردنی یاریزانانی ئینگلیز لەم وەرزەی پریمەرلیگ زیادیکردووە و بۆ 36.8% بەرزبووەتەوە، کە لە وەرزی ڕابردوودا تەنیا 32.36% بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەکە هێشتا مایەی مەترسی و نیگەرانییە لای ئینگلیزەکان. دوای ئەوانیش فەرەنسییەکان لە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی 7.74%، ئینجا ئیسپانەکان بە پلەی سێیەم دێن بە ڕێژەی 5.94%، سکۆتلەندییەکانیش لە پلەی چوارەم دێن بە ڕێژەی 4.87%، ئەرجەنتینییەکان بە ڕێژەی 4.30% لە پلەی پێنجەم دێن. بۆ زانیاری یانەکانی ئارسناڵ، چێڵسی، مانچستەر یونایتد، تۆتنهام و مانچستەر سیتی کەمتر پشت بە یاریزانی بەریتانی دەبەستن.

# کۆرین یەکەم ڕاهێنەری ئافرەتی تیپی پیاوانە



**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی، ئاهەنگی هاتنی یەکەم ئافرەتی بۆ نێو جیهانی ڕاهێنەرایەتی تیپی پیاوان گێڕا، دوای ئەوەی ئافرەتێک بووە ڕاهێنەری تیپێکی پلە دوو لە فەرەنسا، ئەمەش باڵاترین پۆستە کە تاوەکو ئێستا ئافرەت لە جیهانی تۆپێ پێی پیاواندا پێیگەیشتبێت لە مێژوودا.

یانەی کلیرمۆنتی فەرەنسی هانای بۆ ئافرەتێک برد بۆ ئەوەی مەشقی تیپی پیاوانی پیشەگەر لە خولی یانە پلە دووەکان وەربگرێ. ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی لەو بارەوە نووسیویەتی "خاتوو کۆرین بەو هەڤڕکییە ڕازی بووە، سەرپەرشتی تیپی پیاوانی یانەکە بکات و بەهیوای ئەوەیە لەو ئەرکەیدا سەرکەوتووبێت، بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ هاتنی ئافرەتان بۆ نێو جیهانی تۆپی پێی پیاوان خۆش بکات".

کۆرین لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا لەو پۆستەی دامەزراوە، بۆ ئەوەی شوێنی ڕاهێنەرێکی دیکەی ئافرەت (هێلینا کۆستا) بگرێتەوە، کە بەر لە دەسپێکردنی ئەرکەکەی دەستی لەکارکێشایەوە، بە بیانووی ئەوەی هاوڕێیە پیاوەکانی پشتگوێیان خستووەو بۆ ئەوەی بەکاریانهێناوە ببێتە ڕووگەی ڕێکلامکردن بۆ یانەکە. بەمەش کۆرین بووە یەکەم خانمە ڕاهێنەر بۆ تیپێکی تۆپی پێی پیاوانی پیشەگەر لە خولی پلە دووی فەرەنسا. کۆرین خاوەن پاشخانێکی وەرزشی زۆر باشە، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر یاریزان بووەو بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا یاریکردووە و بەشداریی لە چەندین پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی کردووە، لەوانە مۆندیالی خانمان لە ساڵی 2003، بەر لەوەی ببێتە ڕاهێنەر و ببێتە یاریدەدەری برۆنۆ بینی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ژنانی فەرەنسا.

# گۆڵکارانی مێژوویی 5 گەورە خولەکانی ئەوروپا

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

لەوانەیە هەموومان بزانین کە ئێستا لیۆنێل میسی گۆڵکاری مێژوویی خولی ئیسپانیایە، بەڵام گۆڵکارانی مێژوویی خولە گەورەکانی دیکەی ئەوروپا کێن؟ ئەم ڕاپۆرتە وەڵامتان دەداتەوە.

### خولی ئەڵمانیا (ئۆفە زیلەر)

ئۆفە زیلەر، یاریزانی پێشووی یانەی هامبۆرگ بە تۆمارکردنی 404 گۆڵ لە 476 یاری گۆڵکاری مێژوویی بۆندسلیگایە، زیلەر 18 وەرز لە خولی ئەڵمانیا یاریکردووە و هەمووی لەگەڵ یانەی هامبۆرگ بووە.

### خولی ئینگلتەرا (جیمی گریفز)

جیمی گریفز، ئەستێرەی پێشووی یانەکانی چێڵسی، تۆتنهام، وێستهام و میلانی ئیتاڵی بە تۆمارکردنی 357 گۆڵ لە 516 یاری گۆڵکاری مێژوویی پریمەرلیگە لە ماوەی 15 وەرزدا.

### خولی ئیتاڵیا (سیلڤیۆ پیۆلا)

سیلڤیۆ پیۆلا، ئەستێرەی پێشووی یانەکانی فیرچیلی، لازیۆ، تۆرینۆ، یوڤانتۆس و نۆڤارا بە تۆمارکردنی 317 گۆڵ لە 619 یاری گۆڵکاری مێژوویی سیریا ئەی لە ماوەی 23 وەرزدا.

### خولی فەرەنسا (دیلیۆ ئۆنیسی)

دیلیۆ ئۆنیس، یاریزانی ئەرجەنتینی و ئەستێرەی پێشووی یانەکانی ڕین، مۆناکۆ و سپۆرتینگ تۆلۆن بە تۆمارکردنی 299 گۆڵ لە 449 یاری گۆڵکاری مێژوویی لیگا وەنە لە ماوەی 15 وەرزدا.

### خولی ئیسپانیا (لیۆنێل میسی)



لیونێل میسی، ئەستێرەی یانەی بارسیلۆنا گەیشتە گۆڵی ژمارە 256 لە خولی ئیسپانیا، دوای ئەوەی سێ گۆڵی لە یانەی ئیسپانیۆل تۆمارکرد، بەمەش توانی ژمارەی تیلمۆ زارای ئەستێرەی پێشووی یانەی ئەتلەتیک بلباو بشکێنێت کە 251 گۆڵی تۆمار کردووە.





باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی باڵانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کورەك
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com
411



## نایتاشێ

دوای تەواوبوونی خولی کەنداو، شاندی هەڵبژاردەی ئیمارات بە فرۆکەی تایبەت بەرەو شاری مەککەی پیرۆز فڕی، بۆ ئەوەی یاریزانان و دەستەی هونەری و کارگێڕی عومرە بکەن، دوای ئەنجامدانی عومرە یاریزانانی ئیمارات وێنەی خۆیان لەبەردەم کەعبەی پیرۆز بڵاوکردەوە، کە تێیدا شتێکی سەیر تێبینی کرا، ئەویش ئەوەبوو کە عومەر عەبدولڕەحمان ئەستێرەی هەڵبژاردەکە، کە بە عەمموری ناسراوە بە پێچەوانەی هاوڕێکانی، کە هەموویان قژی خۆیان تاشی بوو، ئەو تەنیا هەندێکی کورت کردبووەوەو قژە زۆرەکەی نەتاشی بوو، کە هەرگیز ئامادەنییە بیتاشێت، چونکە پێیوایە سیمبولی کەسایەتی داهاتوویەتی.



ڕێبوار محەممەد

# ڤینگەر و بالۆتێلی لەچیدا لەیەک دەچن؟

ئارسن ڤینگەری ڕاهێنەری ئارسینالْ و ماریۆ بالۆتێلی هێرشبەری یانەی لیڤەرپوول، لە دوو کەش و دۆخ و ئاست و یانەی جیاوازدان، ئەوی یەکەمیان نزیکەی چارەکە سەدەیەکە ڕاهێنەری ئارسینالّە، سوورو سپییە، تەمەنی سەرووی 45 ساڵە، لەسەرخۆ و هێمنە، تا پێی بکرێ خۆی لە ڕۆژنامەنووسەکان دەدزێتەوە، نیوەی تەمەنی لە ئینگلتەرا بەسەربردووە، کەچی بە ئینگلیزییەکی فەرەنسییانە قسە دەکات، زوو زوو شەڕە قسە لەگەڵ مۆرینۆدا دەکات، بەڵام پێناچی قەت جارێک هەستی کردبێت لەو شەڕەدا براوەبوو، چونکە زمانی مۆ زمانی موسە!

هەرچی بالۆتێلییە ساڵێکە بووەتە یاریزانی لیڤەرپوول، ڕەشپێستە و هەمیشە ڕۆژنامەنووسەکان بەشوێنیەوەن، چونکە باش دەزانن هەموو ساتێک بۆی هەیە تۆپ ستۆرییەکان بۆ دروست بکات. پێدەچێ ماریۆ ئینگلیزییەکەی باشتر بێت، پێشتر لە مان ستی بووە و بێگومان ناوەناوە عاشقی کیژۆڵە ئینگلیزەکان بووە و بەوەش مەشقی باشی لەسەر زمانە ئینگلیزییەکەی کردووە. ماریۆش جارجارە شەڕە قسەی لەگەڵ مۆدا کردووە، بەڵام ئەوکات نا کە لە ئینتەرمیلان یاریزانی مۆ بوو، بەڵکو دوای چوونە دەرەوەی لە ژێر دەستی ئەو ڕاهێنەرە.

سوپەر ماریۆ و سوپەر ڤینگەر لە زۆر شتدا جیاوازن، ماریۆ بە سەرکێشییە گەورەکانی و کەتنە بەردەوامەکانی، ناوە ناوە تویتێک دەنووسێت و دنیا لە دژی خۆی دەهەژێنێت، بەوەش دڵی برێندان ڕۆجێرزی ڕاهێنەری لیڤەرپوول تەواو پڕ دەکات و ئەو ڕاهێنەرە ئەگەر پێی عەیب نەبێ بە ئاشکرا لەسەر تەلەڤزیۆن دەڵێ «وەختە لە داخی بالۆتێلی لە ئینگلتەرا رابکەم». کەچی ئەوی دووەمیان تا ئێستا تویتێکی بەناوی خۆیەوە بڵاونەکردووەتەوە، قسەکانی جێگەی سەرنج نین و پلانەکانیشی زۆرجار دەستخەڕۆی دەکەن.

بەڵام کە هەموو ساڵێک لە پلەی پێنجەم و شەشەم و خوارتری خولی ئینگلتەرادا وەرز کۆتایی پێدێنێت، ئوسمانۆڤی سەرۆکی یانەکەی تووشی سووکە جەڵتەیەک دەکات.

سوپەر ماریۆ بە کەتنەکانی دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، جارێک ئاگر بەردەداتە ماڵەکەی و دەڵێ من نەبووم، جارێک خۆشەویستەکەی دەکاتە دیاری بۆ یاریزانانی ڕیال مەدرید و دوایی دەڵێ من وام نەگوتووە. کەچی سوپەر ڤینگەر هاوشێوەی ماریۆ زۆرجار مانشێتی ڕۆژنامەکان داگیر دەکات، بەڵام بە کەتن نا، بە دوو شتی جیاواز، یەکەمیان کە لەسەرەتای هەموو ساڵێکدا دەڵێ ئەمساڵ نازناوەکان بۆ ئارسینالّن، جاری دووەمیش کە ڕۆژنامەکان داوای لێدەکەن لیستی یاریزانە پێکراوەکانی یانەکەی ئاشکرا بکات و ئەویش تاوێکی باش کاتی ڕۆژنامەکان بەوەوە بەسەردەبات! بەس نییە هەڵەش ناکات، خوا فرسەتی بدات، ئەوەندەی یاریزانی پێکراو هەیە سەریان لە پزیشکەکانی یانەکەش شێواندووە.

ئەم دوو دژە لەیەکچووە، ئێستا دۆخیان هاوشێوەیە، ئاستە خراپەکەی ماریۆ و گۆڵنەکردنی لە خولی ئینگلتەرا و بەردەوامبوونی لەسەر بێخەمی، وایکردووە برێندان ڕۆجێرزی ڕاهێنەری لیڤەرپوول بە ئاشکرا بڵێت کڕینی ماریۆ سەرکێشییەکی پڕ مەترسی بوو، بەڵام ناچاربووم.

ڤینگەریش دۆخێکی لەو باشتری نییە و ئێستا ئەنجامە خراپەکانی یانەکەی لە خولی ئینگلتەرا و بیانووە قبوڵنەکراوەکانی بۆ ئاستی خراپی یانەکەی و دۆڕانەکانی، جرت و فرتی یاریزانەکانی بۆ نەخۆشخانە و کلینیکی چارەسەرکردنی یاریزانان، وایکردووە چیدی هاندەرە گەنجەکانی ئارسینالْ شەرم لەسەرە سپییەکەی نەکەن و پێی بڵێن: سوپاس بڕۆ!

جیاوازییەکانی نێوان ئەو دووانە زۆرە، نزیکیشیان لەوەدایە کە لە کۆتایی وەرزدا هەردووکیان دەبێ جانتاکانیان بپێچنەوە، بەرەو کوێ نازانم، لەوانەیە لە شوێنێکدا یەکبگرنەوە! بۆنا ئەوە تۆپی پێیە و هەزاران ناکۆکی کۆک کردووە و کۆکیشی ناکۆک کردووە!

به منداڵیش هەر پێیانگوتووە شەیتانی بچووک..

# دیماریا منداڵێکی هار و هاج بووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

دایکی ئەنخێل دیماریای یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، ئاشکرایکرد کوڕەکەی بە منداڵی لە ماڵەوە و دەرەوە هار و هاج بووە.

دایکی دیماریا، لە بارەی کوڕەکەیەوە دەڵێت "کوڕەکەم کێشەی زۆری دەنایەوە بەتایبەتی لەگەڵ دراوسێکانی، لێیدەدان و تەشقەڵەی پێدەکردن، بۆیە بە شەیتانی بچووک وەسفیان دەکرد". هەروەها دەڵێت "دیماریا شتی ناوماوڵی زۆر دەشکاند و داوای لە دایکی دەکرد ڕێگەی پێبدات لەسەر شەقام یاری بکات".




دایکی دیماریا بە ڕۆژنامەیەکی بەریتانی ڕاگەیاندووە، کوڕەکەی تۆپی لە ماڵان دەگرت و دەبووە مایەی هەراسان کردنیان، بۆیە بردوویەتیە لای پزیشکی دەروونی، بەڵام پزیشکەکە پێیگوتووە کوڕەکەت توانای شاراوەی لە تۆپی پێدا هەیە و دەیەوێ لە نێو یاریگەدا بیتەقێنێتەوە، بۆیە داوای لێدەکات لە یانەیەک ناوی تۆماربکات.

هەر لەو بارەوە دیماریا بە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ڕاگەیاندووە "بەر لەوەی بچمە یانەیەکی نزیکی ماڵەوەمان، بەردەوام کێشەم دروستدەکرد، ئەمەش دایکمی بێزارکردبوو، بەڵام دواتر شتەکان گۆڕان و لەو ساتەوە چیرۆکی من لەگەڵ تۆپی پێ بەرەو هەڵکشان ڕۆیشت".












سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
ehsanjornalist@yahoo.com - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان . شاهۆ محەممەد
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

